

## کەوشەکانی دۆنگی ..

خۆشەویستی دیاردەیەکی بەڵگەدارە لەڕوانین و ڕەفتاردا دەنوێتەوە هەستێکی گەرمی سۆز و وزەبەخشە بارگەدارە چەندین دەروازەی نەبوون و هەرگیزی پێ دەکرێتەوە لەهەمووی گرینگتر ئەوەیە خۆڕسکە لەهەموو سەردەم و شوێنێک لەناو گەرمەی خۆشی و ناخۆشیدا دەژی . وەک دۆنگی پێ ی دەڵێ: خاوەنشکۆ . کابراش لەوتەکانی دەیسەلمێنێ هەستی پیاوانەی خۆی لەخۆشەویستی ئەودا دەدۆزێتەوە بۆیە لەیەکەم شکاریدا بەتیرەکەی گیاندارە کێویەک ڕاو دەکا بڕیاریش دەدا لەپێستەکەی جووتە کەوشێکی پڕ بەپێ و خۆشەویستی دۆنگی بچنرێ بەدیاریەوە دەمانێک وەستا تا پێشکەشی کرد ئەوەش سەمەرەیەکی ڕۆحدەری خۆشەویستی یە لەنێوان پاشا و گەدا هەر هەیە .

## تەماشاوان ..

پەیداکردنی تەماشاوانان بۆ ڕیزەفلیمی تەلەفزیۆنی دۆنگی لەکوردسات وردە وردە زیادی کرد بەم جۆرە دراما گشتگیرە لەسیاسەت و فەرمانڕەوایی ، شەڕە شیر و ئەسپ سواری ، مێژووی پێش چەندین سەدە ڕامانی بۆ دەکرێ ، میوان و خانەخوێ ی شەوانەی ماڵە کوردانە . لەڕوانگە کۆمەڵایەتیەکەوە جیاوازی چین و توێژەکان ناسینی داب و نەریتی کەڵچەرەکان . گەورە و بچوکی بەشاگەشکەیی لەخۆی خڕ کردەوە

زۆر زۆر بەسود و باشترە لەدراما عەرەبیە خوساوەکان کەبەسەر ئێمەدا سەپێندراوە یا دراما تورکیە بێ کلتورەکان بزر لەنێوان کەمینەی کەڵچەری چاوبەپۆرگی بەژن قوتەی مەغۆلەکانی ئاسیا گرێدراو بەزۆرینەی بولگار و ڕۆمان ، ئەرناهوت و نەژاد ئەلبانەکان کەزۆریان بەچاوی شین و کاڵەوە کراون بەتورک ڕق هەڵگری بابەکوشتەی بەرامبەر کورد و کوردستانن هەروەها بەزیوی کەلتور دۆڕای بەرامبەر تورکەکانی مەغۆلستان کە هەزار ساڵیکە داگیرکاری ئەم ناوچەیەن . لەسەر ئەم هەموو کاولکاری کوردستانیشەوە کورد نەبووە بەتورک هەردەم زمان و بەرگ و کلتوری پاراست ئەوەش چقڵی چاوی ئەوانە . درامایەکی کۆری وا مێژوودوێن بەدڵنیاییەوە کاریگەری باشتری هەیە سود دەگەیەنێ لەزانیاری و ناسین ، وەرگرتنی باشیەکانیان . بیر و کاری هونەرمەندانی دۆبلاژکاری کوردی خۆش لەکەمترین کاری هاوکار یا ئەکتەرێکەوە تا دەرهێنەرەکەی سوپاسگوازاری بۆ ماندوبوونیان.

## مێژوو بەتەکنیکی سەردەم ..

دەرهێنەر بەواتای وشەکە ئەنجام بەخشی لێکدان و کۆکردنەوەی کەرستەکانە لەنوسینەوە بیگرە تا نواندن و وێناکاری تا گەیشتن بەڕێزەفلیم ، مەبەست دەرهێنەرە کۆریەکە ئامانجی هونەری پێکاوە لەگرێدانی ڕوودای نەوازە ، هەندێ جار پەنا بۆ خەیاڵ و فەنتازیا بردن جێکردنەوەیان لەپڕ و چاوتروکانێکا جۆرە خۆشیەک دەداتە بینەر لەسەودایی و چاوەنواڕی بەردەوامی سەیرکردن . پەیوەندی دیالێکتیکی زۆرانبازی خێر و شەڕ هەروەها شکانی کۆتای تای تەرازووەکە بەلای خێردا کەڕاستیەکی ڕەهای هەموو ڕووداوێکی مێژوویی نی یە ئەویش لێرە پێڕەودەکرێ بەسەرگوزشتەی پێکەنیناویەوە . کامیراو جوڵەی سینەمایی داڕشتنی بۆکاری تەلەفزیۆنی ، وێنەکانی دەرەوەی ستۆدیۆ زۆرن ، تەکنیکەکانی شەڕوشۆر لەگەڵ ئەکتەری جێگرەوەی کاتە مەترسیدارەکان ، ئارایشسازی لەدەموچاوەوە بۆ دیکۆڕی نەخش و نیگاری دیوارەکان شێوەی چینی یە . ڕووناکی ئاچووغە لەگەڵ دیمەنەکانی ڕووداوەکان گەیەنەرە . مۆزیکی وێنەیی پەردەی گوێ دەهەژێنی ، شوێن کاتی پسان و گرێدانەوەی زنجیرەکان کارزانی تەواوی پێوە دیارە بێگومان ئەوەی ڕەخنەی بێ هەردەتوانێ بیگرێ دەست و دەمی کەس

نەگیراوە . بۆ بەرچاوی دەکرێ لەم لینکە و پەیوەستەکانی زانیاری تر هەبێ :

http://www.youtube.com/watch?v=9uiH4vFBxmM&feature=related

## خوونەریتی کلتوری ..

سڵاوی بەسەر دانەواندن ئەتکێتەکی سەمەرە و جوانە تا ئێستاش لەکایەدایە و ڕێزبەخشینە . زمانی دوان بەچاو لەسەیر و ڕوانینی ئەکتەرەکان یا نیشانەکانی تیلەچاو بەواتا ئەرێنی و نەرێنی یەکان هاوتای دوانەکانی وشەی زمانەوانی کۆری یا وەرگێڕاوە کوردیەکە تێگەیەنەر و گۆشکاری بینەرە بەلێکدانەوە و تێگەیشتن لەکاردانەوەی ڕووداوەکان لەگەڵ ئاڵودەیی بەردەوامی بۆ بینینی کرانەوەی گرێیەکان لە زنجیرەکانی داهاتوودا . جوان کردنی ڕووی ئافرەتە سۆزانیەکان قبوڵی ژیانیان وەک کارکەر بەپشتیوانی لەڕەواداری مافی ژیان جێگای سەرنجە کۆمەڵایەتیەکانە بەکارهێنانیشیان بۆ مەرامە سیاسی و دەسەڵاتیەکان بەرچاوە بێگومان لەهەموو سەردەمەکان جێگە و پێگەی سیاسیان هەیە ئامرازیشن .

## پۆشاکی ئەکتەرەکان ..

جل و بەرگی ئەکتەرەکان لەڕووی میللیەت و فۆکلۆری جوانیەکی تایبەتمەندی تێدایە ، جارێ جلەکانی فەرماندە سوو هەردەڵێ ی کەڵەشێری پەڕەنگینە هەرجاری دەیبینم بەبیرم دەهاتەوە دێرە شیعرەکەی سەرەتایی .. کەڵە شێرەکەم پەڕ ڕەنگینەکەم ، ئادەی بەقایم بقوقێنە بۆم .... هێندە جوامێر و مەردە بەهەموو گرژیەکەیەوە پاوانی دڵی بینەر دەکا . خانمەکانیش باق و بریقیان دێ هێندەی دی لەناو جلکە شەنگوشۆڕەکانیان مێبەخشن پڕ لەڕێزی کارماندانەن کە دەستیان لەژێر بەروانکەکەیان دەگرن وەک پۆڕ و قەتێ بەدوای یەکدا ڕەوەدەکەن یا تۆقەی پرچیان بەلوولی کەزیەکانەوە لەدوا قۆناغەکانی کەنیزەی کۆشک تابانی ڕوویانی نەخشاندووە بەڵامماڵیان کاول نەبێ هەندە لێوباریک و گچکە خونچەیی ، دەموچاو خڕن دەڵێ ی بەپرگال نەخشاون هێندەی دی لێک ناکرێنەوە کێهەیان کێهەیە ! بۆ بینەرە منداڵکار یا پیرەکانیش لەپیرێژن و پیرەمێردان بووینە پرسیاری بێ کۆتایی تا زنجیرەکە تەواو دەبێ ئەمە کێ یە ؟ ئەو کێ بوو ؟ بۆ وای کرد ؟ من

پێوایه ! من پێموانی یه ؟ ..... تا ئێستاش کۆڵێ پرسیار دەکەن واته دراماکه کاریگەری نواندووه خەڵکیش گێلمه و کێشەی ڕاوبۆچوون دەنێنەوه .

دڵشاد تاقانه



Dlshadtakana@yahoo.com